# الهوية الوطنية في النصوص الشعرية للشاعر (زيور): شعر الأطفال أنموذجًا

د. ئاوات رحيم كريم
awat.rahim@garmian.edu.krd
قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة كرميان.
م.م. كاروان عبدالرحمن على پاڵانی
karwan.palani@garmian.edu.krd
قسم اللغة العربية، كلية التربية، جامعة كرميان.

**الكلمات المفتاحية**: الهوية الكوردية، الشعر، زيور، شعر الأطفال، القيم التربوية.

**كيفية اقتباس البحث**

كريم , ئاوات رحيم , على پاڵانی , كاروان عبدالرحمن , الهوية الوطنية في النصوص الشعرية لـلشاعر (زيـور): شـعر الأطفال أنموذجًا,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في
ROAD

Indexed مفهرسة في
IASJ

# National Identity in Ziwer’s Poetic Texts: Children’s Poetry as a Model

**Awat Rahim Karim**
**awat.rahim@garmian.edu.krd**
**Department of Kurdish Language, Faculty of Education, Kerman .University**
**Karwan Abdulrahman Ali Palani**
**karwan.palani@garmian.edu.krd**
**Department of Arabic Language, Faculty of Education, Kerman University.**

**Keywords** : Kurdish Identity, Poetry, Ziwer, Children’s Poetry, Educational Values.

**How To Cite This Article**
Karim , Awat Rahim , Palani ,Karwan Abdulrahman Ali , National Identity in Ziwer’s Poetic Texts: Children’s Poetry as a Model ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**
This research, titled "National Identity in Ziwer’s Poetic Texts: Children’s Poetry as a Model," primarily aims to highlight the significance of Kurdish identity and child upbringing within the poetry of Ziwer. It explores a vital dimension of Kurdish literature, specifically the national and educational role of poetry as a medium for enhancing national, social, and cultural awareness. The study seeks to answer several key questions, including: To what extent did Ziwer prioritize Kurdish identity? For what purposes and through which methods did he incorporate this issue into his children's poetry?
The research demonstrates how the poet integrated national issues with educational, behavioral, and social aspects directed at children.

Furthermore, it highlights the values the poet aimed to instill through symbols and poetic imagery, such as embedding behavioral values, strengthening cultural identity, respecting nature, and encouraging learning as a tool for social progress. Additionally, the study examines the poetic language and communication styles used with children, discussing the impact of simple vocabulary and engaging rhymes in delivering messages enjoyably.

This study is based on a textual analysis of selected works by Ziwer, utilizing the "Content Analysis" method to uncover the national dimensions and the direct and indirect educational objectives within the texts. Accordingly, the research is divided into several sections: Introduction: Provides a brief biography of Ziwer as a literary and educational figure. Chapter One: Focuses on the reflection of national identity in his poetry. Chapter Two: Analyzes educational values within Ziwer’s poetic texts for children. Chapter Three: Investigates the literary styles and techniques employed by the poet in the process of national education for children. Finally, the study concludes with the most significant findings, along with a set of suggestions and recommendations.

الملخص:

تهدف هذه الدراسة الموسومة بـ (الهوية الوطنية في النصوص الشعرية للشاعر "زيور" –شعر الأطفال أنموذجًا–) بشكل رئيسي إلى تسليط الضوء على أهمية الهوية الكوردية وتربية الطفل في أشعار الشاعر (زيور). ويتناول البحث جانباً حيوياً من الأدب الكردي يتمثل في الدور الوطني والتربوي للشعر، باعتباره أداة لتعزيز مستوى الإدراك والتربية الوطنية والاجتماعية والثقافية. وتسعى الدراسة للإجابة على عدة تساؤلات، منها: إلى أي مدى أولى الشاعر زيور أهمية للهوية الكوردية؟ ولأي غرض وبأي وسيلة صاغ هذه القضية في شعر الأطفال؟

وقد أوضح البحث كيف دمج الشاعر القضايا الوطنية بالجوانب التربوية والسلوكية والاجتماعية الموجهة للأطفال. ثم سُلّط الضوء على القيم التي سعى الشاعر لترسيخها لدى الطفل من خلال الرموز والصور الشعرية، مثل: غرس القيم السلوكية، تعزيز الهوية الثقافية، احترام الطبيعة، والتشجيع على التعلم كوسيلة لتقدم المجتمع. كما تدرس الدراسة لغة الشعر وأسلوب التواصل مع الطفل، وتناقش تأثير المفردات البسيطة والقوافي الجذابة في إيصال الرسائل بشكل ممتع.

واعتمدت هذه الدراسة على تحليل نصوص مختارة للشاعر زيور، باستخدام منهج (تحليل المحتوى)؛ بهدف الكشف عن الأبعاد الوطنية والأهداف التربوية المباشرة وغير المباشرة داخل النصوص. وبناءً على ما تقدم، قُسم البحث إلى عدة أقسام: المدخل: خُصص لعرض نبذة موجزة

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

عن حياة الشاعر (زيور) والتعريف به كشخصية أدبية وتربوية. الفصل الأول: يسلط الضوء على انعكاس الهوية الوطنية في قصائد الشاعر. الفصل الثاني: يختص بتحليل القيم التربوية للطفل في نصوص زيور الشعرية. الفصل الثالث: يبحث في الأساليب والتقنيات الأدبية للشاعر في عملية التربية الوطنية للأطفال. وفي الختام، عُرضت أهم نتائج البحث ومجموعة من المقترحات والتوصيات.

## شوناسی نەتەوەیی لە دەقەشیعرەکانی زێوەردا (شیعری منداڵان بە نموونە)

١-د. ئاوات رحيم كريم
awat.rahim@garmian.edu.krd
بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان.
٢-م. ی. کاروان عبدالرحمن علی پاڵانی
karwan.palani@garmian.edu.krd
بەشی زمانی عەرەبی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان.

### پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شوناسی نەتەوەیی لە دەقەشیعرەکانی زێوەردا -شیعری منداڵان بە نموونە-)، ئامانجی سەرەکیی خستنەڕووی گرنگیی شوناسی کوردی و پەروەردەکردنی منداڵە لە شیعرەکانی (زێوەر)ی شاعیردا. واتە: قسەکردن لەسەر لایەنێکی گرنگی ئەدەبی کوردی کە بریتییە لە ڕۆڵی نەتەوەیی و پەروەردەیی شیعر؛ بەوپێیەی شیعر ئامرازێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و پەروەردەی نەتەوەیی و، کۆمەڵایەتی و، کلتوری. توێژینەوەکە هەوڵی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک دەدات، لەوانە: زێوەری شاعیر تا چ ئاستێک گرنگیی بە شوناسی کوردی داوە؟ بۆ چ مەبەستێک و بە چ ڕێگەیەک ئەم پرسەی لە شیعری منداڵاندا ڕەنگڕێژ کردووە؟

لە توێژینەوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە چۆن شاعیر پرسە نەتەوەییەکانی ئاوێتەی لایەنە پەروەردەیی و ڕەفتاری و کۆمەڵایەتییەکان کردووە و، ئاراستەی منداڵانی کردوون. دواتر تیشک خراوەتە سەر ئەو بەهایانەی کە شاعیر ویستوویەتی لە ڕێگەی هێما و وێنەی شیعرییەوە لە لای منداڵیان بیانچەسپێنێت، وەک: چاندنی بەها ڕەفتارییەکان، بەهێزکردنی شوناسی کلتوری، ڕێزگرتن لە سروشت و هاندانی فێربوون وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە. هەروەها توێژینەوەکە لە زمانی شیعر و شێوازی پەیوەندیکردن لەگەڵ منداڵ دەکۆڵێتەوە و، باس لە کاریگەریی وشەی سادە و قافیەی سەرنجڕاکێش دەکات لە گەیاندنی پەیامەکاندا بە شێوەیەکی چێژبەخش.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای شیکاریی دەقە هەڵبژێردراوەکانی زێوەر و بە سوودوەرگرتن لە میتودی (شیکاریی ناوەڕۆک) ئەنجام دراوە؛ بە مەبەستی ئاشکراکردنی ڕەهەندە نەتەوەییەکان و ئامانجە پەروەردەییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی ناو دەقەکان. لەسەر بنەمای ئەوانەی باسکران، توێژینەوەکە بۆ چەند بەشێکی سەرەکیی دابەش کراوە: دەوازە: تەرخان کراوە بۆ خستنەڕووی پوختەیەکی ژیاننامەی (زێوەری شاعیر) و ناساندنی وەک کەسایەتییەکی ئەدەبی و پەروەردەیی. بەشی یەکەم: تیشک دەخاتە سەر ڕەنگدانەوەی شوناسی نەتەوەیی لە نێو هۆنراوەکانی شاعیردا. بەشی دووەم: تایبەتە بە شیکردنەوەی بەها پەروەردەییەکانی منداڵ لە دەقە شیعرییەکانی زێوەردا. بەشی سێیەم: لێکۆڵینەوەیە لە شێواز و تەکنیکە ئەدەبییەکانی شاعیر لە پرۆسەی پەروەردەی نەتەوەیی منداڵاندا. لە کۆتاییشدا، گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و کۆمەڵێک پێشنیاز و ڕاسپاردە خراونەتەڕوو.

**کلیلەوشەکان:** شوناسی کورد، شیعر، زێوەر، شیعری منداڵ، بەها پەروەردەییەکان.

**پێشەکی:**

ئاشکرایە شوناسی نەتەوەیی ڕۆڵێکی سەرەکی لە داڕشتنی هۆشیاریی بەکۆمەڵی تاکەکاندا دەبینێت؛ بەوپێیەی ڕەنگدانەوەی بەها و نەریت و سەربەخۆیی نەتەوەیی کۆمەڵگەیە. شیعریش ئامرازێکی کاریگەری سەرەکییە بۆ چەسپاندنی ئەم شوناسە، بەتایبەتی لە لای منداڵان؛ ئەمەش بەهۆی توانای کاریگەریی شیعر لەسەر ویژدانیان و بنیاتنانی کەسایەتیی کلتوری و نەتەوەییان لە تەمەنێکی زووەوە.

لەم توێژینەوەیەدا، ڕۆشنایی دەخەینە سەر ڕەنگدانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لە شیعرەکانی زێوەری شاعیردا، لەگەڵ تیشکخستنە سەر شیعری منداڵان وەک نموونەیەکی باڵای ڕەنگدانەوەی بەها نەتەوەیی و پەیوەندییە کلتورییەکان، کە شاعیر هەوڵیداوە لە لای نەوەکانی ئایندەدا بیچێنێت. هەروەها پێداچوونەوە بەو شێوازە زمانەوانی و جوانکارییانە (ئیستاتیکییانە) دەکەین کە زێوەر لە وێناکردنی ناسنامەی نەتەوەییدا پشتی پێبەستوون، لەگەڵ دیاریکردنی ڕادەی کاریگەرییان لە بەرزکردنەوەی هەستی سەربەخۆیی نەتەوەیی لە نێو منداڵاندا.

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەو ڕۆڵە دیارەوە سەرچاوە دەگرێت، کە شوناسی نەتەوەیی لە داڕشتنی هۆشیاریی تاکەکاندا دەیگێڕێت، بەتایبەتی منداڵان کە نوێنەرایەتیی نەوەی داهاتوو دەکەن. بۆیە شیعری منداڵان لە بەرەوپێشبردنی بەها نەتەوەییەکان و چەسپاندنی شوناسی کلتوری–کوردی– بە شێوەیەکی سادە و کاریگەر بەشدارە. بە لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی زێوەری شاعیر، دەتوانین لەوە

تێبگەین کە شیعر چۆن بۆ بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی ڕۆحی خۆییبوونی نەتەوەیی لە لای نەوەی نوێ بەکاردێت، ئەمە جگە لە لێکۆڵینەوە لەبارەی کاریگەرییەکانی لەسەر بەها پەروەردەیی و زمانەوانییەکانی منداڵ.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

کێشەی توێژینەوەکە لەوەدا کورت دەبێتەوە: شوناسی نەتەوەیی چۆن لە شیعرەکانی زێوەردا ڕەنگ دەداتەوە؟ ئەم شیعرانە تا چەند توانای چاندنی بەها نەتەوەیی و پەروەردەییەکانیان لە لای منداڵان هەیە؟ هاوکات توێژینەوەکە هەوڵدەدات بەدواداچوون بۆ ئەو ئامراز و شێوازە زمانەوانییانە بکات کە شاعیر بۆ خستنەڕووی چەمکەکانی ناسنامە و سەربەخۆیی نەتەوەیی بەکاریان دەهێنێت؛ بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئاستی تەمەنی منداڵدا بگونجێن.

**پرسیاری توێژینەوەکە:**

١. چۆن شوناسی نەتەوەیی لە شیعرەکانی شاعیر زێوەردا ڕەنگیدەداتەوە؟

٢. ئەو بەها پەروەردەییانەی منداڵ چین، کە لە دەقە شیعرییەکانیدا ڕەنگدەدەنەوە؟

٣. زێوەر چۆن زمان و شێوازی بەکارهێناوە بۆ بنیاتنانی هۆشیاری منداڵان بۆ ناسنامەی نەتەوەیی؟

٤. شێوازی شاعیر تا چەند کاریگەرە لە پەروەردەکردنی منداڵدا، لە ڕووی فۆرمی هونەری و زمانەوانییەوە؟

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

١. شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتی شوناسی نەتەوەیی لە دەقەشیعرەکانی زێوەردا.

٢. گەڕان بەدوای ئەو ئامرازە ئەدەبییانەی، کە زێوەر بۆ بەرزکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بەکاریهێناون.

٣. لێکۆڵینەوە لە کاریگەری ئەم شیعرانە لەسەر هۆشیاری منداڵانی کورد و پێکهاتنی ویژدانی کلتوورییان.

کەواتە، ئامانجی توێژینەوەکە پێشکەشکردنی دیدێکی گشتگیرە سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی شیعر لە بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەیی و، پێشخستنی بەها پەروەردەییەکان لەناو منداڵاندا.

**هۆکارەکانی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

١. گرنگیی ڕۆڵی شیعر لە چاندنی شوناسی نەتەوەیی لای منداڵاندا.

٢. نەبوونی توێژینەوەیەکی زانستیی، کە لە ڕوانگەی شوناسی نەتەوەییەوە باسی شیعری زێوەر بکات.

٣. کاریگەریی دەقە شیعرییەکانی زێوەر لە پێشخستنی بەها پەروەردەیی و نەتەوەییەکان لە ناو منداڵاندا.

٤. حەز و خولیای توێژەران بۆ تیشک خستنە سەر ئەو شێوازە زمانەوانی و هونەرییەی کە زێوەری شاعیر لە دیالۆکی منداڵاندا بەکاریهێناون.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای میتۆدی (شیکاریی وەسفی) دارێژراوە؛ ئەمەش لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقە هەڵبژێردراوەکانی زێوەری شاعیر و سوودوەرگرتن لە شێوازی (شیکاریی ناوەڕۆک)، بە مەبەستی ئاشکراکردنی پرسە نەتەوەییەکان و بەها پەروەردەییەکان و، ئامانجە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی نێو دەقەشیعرەکانی زێوەر.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە دەروازەیەک و سێ بەشی سەرەکیی پێکدێت؛ دەروازە: تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی پوختەیەک لە ژیانی (زێوەری شاعیر). بەشی یەکەم: باس لە ڕەنگدانەوەی شوناسی نەتەوەیی لە هۆنراوەکانی شاعیردا دەکات. بەشی دووەم: تایبەتە بە شیکردنەوەی بەها پەروەردەییەکانی منداڵ لە دەقەشیعرییەکانی زێوەردا. بەشی سێیەم: تیشک دەخاتە سەر شێوازی شاعیر لە پەروەردەی نەتەوەیی منداڵاندا. لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا، گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان خراونەتە ڕوو، لەگەڵ باسی چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەکی تایبەت بە بابەتەکانی توێژینەوەکە.

**دەروازە: پوختەیەك لە ژیانی زێوەری شاعیر**

ناوی تەواوی مەلا عەبدوڵای کوڕی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا ڕەسوڵە. بە بنەچە پشدەرییە، ساڵی ١٨٧٥ز لە شاری (سلێمانی) هاتووەتە دنیاوە (حیلمی، ٢٠١٠، ١٤١). لە دوای تەمەنی حەوت (٧) ساڵان دەخرێتە بەر خوێندنی حوجرە؛ قورئانی پیرۆز و زانستە سەرەتاییەکانی ئەو سەردەمەی حوجرە و فەقییایەتیی خوێندووە و، فێری زمانەکانی فارسی و عەرەبی بووە (بۆرەکەیی، ٢٠٠٨، ٢/ ٧٣٠). پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن گەشتی کردووە بۆ شارەکانی (مەریوان) و (بانە)، لەوێوە بۆ (موکریان) و (مەهاباد)، دواتر بەسەر (ڕەواندز)دا دەگەڕێتەوە بۆ (هەولێر) و (کەرکووک)، دواجار دێتەوە سلێمانی و لە مزگەوتی (بن تەبەق) خوێندنەکەی تەواو کردووە (سەجادی، ٢٠١٧، ٥١٠).

دوای تەواوکردنی خوێندنی ئایینی و وەرگرتنی مۆڵەتی مەلایەتی لە سلێمانی، زێوەر گەشتی (ئەستەمبوڵ)ی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیی کردووە؛ بە مەبەستی خوێندنی باڵا، فێربوونی زمانی تورکی و ئاشنابوون بە بارودۆخی نوێی سەردەم. لەوێ چوار ساڵ ماوەتەوە و لەگەڵ

زانایاندا هەڵسووکەوتی هەبووە. پاش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، بە کاری وانەوتنەوە و مامۆستایەتییەوە سەرقاڵ بووە (بۆرەکەیی، ۲۰۰۸، ۲/۷۳۰).

سەبارەت بە پیشەی مامۆستایی، زێوەری شاعیر لە قوتابخانەکانی (ڕوشدیەی عەسکەری) و (ئەعدادیی مەلەکی) لە سلێمانی مامۆستا بووە. پاشان لە لایەن وەزارەتی مەعاریفی عێراقەوە ڕەوانەی چەندین ناوچەی تری سنووری لیوای سلێمانی کراوە؛ تا دەوروبەری ساڵی ١٩٤٢ لە بوارەکانی زانست و پەروەردەدا خزمەتی بە خوێندەواریی کوردی کردووە و، تێکڕا ٣٠ ساڵ ئەم ئەرکەی بە سەرکەوتوویی ڕاپەڕاندووە (سەجادی، ٢٠١٧، ٥١٠).

مامۆستا زێوەر شاعیرێکی کەموێنەی سەردەمی خۆی بووە بە گەواهیی نوسەران و ئەدیبانی هاوسەردەم و دوای خۆی، بۆ نموونە ڕەفیق حیلمی لەبارەیەوە دەڵێ: (شیعری زۆری بوێژە تازەکانی سولەیمانی ڕەنگە لە (بودەقە) ی ئەدەبی مامۆستا زێوەرەوە تێپەڕ بووبێ و قاڵ کرابێتەوە. بە تورکی و فارسیش شیعری وتووە. لە هەموو سەرێکەوە بەڕاستی ئەدیبە) (حیلمی، ٢٠١٠، ١٤١). دەتوانین بڵێین: ئەو هەر لە منداڵییەوە بێجگە لە دیمەنەکانی کوردستان، تام و بۆی شیعرەکانی (مەولەوی) و (نالی) لە هەموو دەمارەکانیدا هاتووچۆیان کردبوو، دیوانی شاعیرە فارسەکانیش هەستیان وا لێکردبوو، کە باوەش بە ئاسۆی شیعردا بکا، پەیکەرێکیان لە دوورەوە بۆ دانابوو، ناویان نابوو پەیکەری شیعر؛ بۆ ئەوەی ئەو خۆی بۆ باوێژێ، جا بەم بۆنەوە لە پێشدا هات زێوەری کرد بە ناوی شیعریی خۆی و خەیاڵاتی بەرزی، بە وتەی جوانی خۆی زێوەرارا کرد (سەجادی، ٢٠١٧، ٥١١).

زێوەر لە هۆنینەوەی شیعری نیشتمانی و سروودی قوتابیاندا لێهاتوو بووە. جگە لە غەزەل و وەسف و شیعری فەلسەفەئامێز، کۆمەڵێک شیعری فێرکاریی بۆ قوتابیان داناوە؛ دەتوانرێت بگوترێت یەکەم شاعیری کوردە ئەم جۆرە شیعرە فێرکارییەی داهێنابێت. عەلائەدین سەجادی لە ستایشیدا دەڵێت: (شابازی خۆش پەروازی بەرزی میللییەت، ئاهووی بە باهووی چەراگای مەرزی قەومییەت. دڵی هێلانەی پەروانەی شەمناسان بووە. پەندی لە بەندی کۆمەڵی کوردا تەلایەکی دەستەوشار، ڕەنگی بە دەنگی بێ بەنی دەردا سەلایەکی دوورەوشار. فیکری لە گوڵزاری ئامۆژگاریدا گوڵی هەمیشە بەهار، زمانی لە باغچەی ڕاوێژکاریدا نەمامی جۆشی بەهار. لە ڕەندیدا شۆخی ناوشاران، لە قەلەندەریدا شێخی کۆساران. حەق بێژ و حەق پەرست، بیرتیژ و خواپەرست) (سەجادی، ٢٠١٧، ٥٠٩).

شیعری زێوەر، بۆ هەموو بوار و ئاستێك بووە، ئەوکاتەی مامۆستای قوتابخانە بووە، زۆربەی وانەکانی بۆ قوتابیان کردووە بە شیعر؛ بۆ ئەوەی بە ئاسانی لەبەری بکەن و زوو فێر ببن (بابان،

٢٠٠٧، ٢٠)، ئەو لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەو شاعیرانەبووە، کە بەشداری لە پەرەسەندن و پێشخستنی بەرهەمی پەخشانی ئەدەبی کوردی کردووە، لەم بەرهەمە ئەدەبییانەیدا، زێوەر لە ڕووی داهێنانی هونەرییەوە نەگەیشتووەتە پلەی شیعرەکانی. ئەم دیاردەیە تەنیا لە زێوەردا نابینرێ، بەڵکو ئەو نووسەرانەی دەستیان لە شیعریش نەدەدا و بەرهەمیان تەنیا پەخشان بوو، نەگەیشتبوونە پلەی شاعیرەکان ( خەزنەدار، ٢٠١٠، ٥/٢٣٩-٢٤٠).

زێوەری شاعیر پاش خانەنشین بوونی، وەك عەلائەدین سەجادی دەڵێ: (لە گوزەراندا زۆر ئامادە نەبووە، مانگانەیەکی کەمی تەقاویتی هەبوو، لەم دواییەدا بەوە ڕاببواردووە، هەر چەند خێزانباریش بووە، نەفسێکی زۆر بەرز و شاهانەی بووە. دەروێش مەشرەب و ڕەند، خواپەرست و دیانەت ڕاگیر بووە) (سەجادی، ٢٠١٧، ٥١٠).

**کۆچی دواییکردنی:**

مامۆستا زێوەر لە ڕۆژی ١٠ی ١١ی ساڵی ١٩٤٨دا، لە شاری سلێمانی و لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و، بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە گردی سەیوان بەخاك سپێردرا (بۆرەکەیی، ٢٠٠٨، ٢/٧٣٠)

بەگشتی زێوەر لە هەموو بابەتێکدا شیعری داناوە، وەک: ئایینداری، دڵداری، وەسفی سروشت، کۆمەڵایەتی، نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی، فێربوون و هاندانی منداڵ بۆ خوێندن، پێشکەوتن و فەلسەفە (حیلمی، ٢٠١٠، ١٤١).

**بەشی یەکەم: ڕەنگدانەوەی شوناسی نەتەوەیی لە هۆنراوەکانی زێوەری شاعیر دا**

زێوەر شاعیرێکی کوردپەروەر بووە، لە ڕێگەی شیعر و ئەدەبەوە خزمەتی نەتەوەیی و نیشتمانی زۆر کردووە (حیلمی، ٢٠١٠، ١٤١). ئەو هەمیشە لە خەمی پەروەردەکردنی نەتەوەکەیدا بووە، بە دڵ و ویستێکی پڕ لە باوەڕ، زانست و زانیاری. دەبینێت کە چۆن ستەمی زلهێزەکان و ناحەزیی وڵاتانی دراوسێ بەرانبەر بە کوردان لە جەنگدایە؛ هەر ساتە و بە لایەکدا دەیانڕەتێنێ و دەیانچەوسێنێتەوە. لە دەشتی نەبوونیدا عەودالْن و نانیان نابێت بە دوو! لەبری هەموو ناز و نیعمەتێک لە ژێر جەوردا دەتلێنەوە؛ هەر ساتە و جەستەیان بە داری یەکێک بریندار دەکرێت، بێلانە و بێبانە، بێخەمخۆر و دڵسۆز، لەگەڵ ئەمەشدا یەک بە یەکدا هەڵدەزنێن (سەجادی، ٢٠١٧، ٥١١)، بۆیە شاعیر لە جۆشی کوورەی دەروونێکی بورکانێکی نەتەوایەتییەوە دەم ئەکاتەوە و ئەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ١٩٩):

ئەم کوردە عەجەب ساحێبی بەختێکی زەبوونن

هێشتاکوو ئەڵێی داخڵی سەحرایی نەبوونن

نانێ بە دووسەد سینەیی سۆزان کە پەیا کەن

بێ بەهرە لەویشن، بە مەسەل عەینی فروونن

بێبەش لە هەموو نیعمەت و ئازادیی عالەم

پامالّی جەفای دەهرن و مەنفووری عیوونن

شاعیر لێرەدا تەنیا گوزارشت لە ئازار ناکات، بەڵکوو دەیەوێت لە ڕێگەی نیشاندانی "پامالّی جەفا" و "زەبوونیی بەخت"، ویژدانی نەتەوەیی ڕابچڵەکێنێت و، پێویستیی گۆڕینی ئەم واقیعە تاڵە لە لای نەوەکانی نوێ بچەسپێنێت. ئەم وێناکردنە تراژیدییە، ئامرازێکی کاریگەرە لای شاعیر بۆ بێزارکردنی تاکی کورد لە ژێردەستەیی و، هاندانیان بەرەو ئاسۆی ئازادی و سەربەخۆیی.

بێگومان هەستی نەتەوەیی بەشێکی زۆری هزر و خەیاڵی شاعیرانی داگیر کردووە؛ زێوەر بینیویەتی کە چۆن نەتەوەکەی لە ژێر باری ستەمی زەمانە و ناحەزیی ڕۆژگاردا دەچەوسێنرێتەوە و دوورە لە ژیانی شایستە و ئازادی. بۆ ڕزگاربوون لەم جۆرە ژیانە، شاعیر داوای تێکۆشان، برایەتی، زانست و خوێندەواریی لە گەلی کورد کردووە و، ئەمانەی بە بنچینەی سەرکەوتن داناوە و، لەمبارەیەوە دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ١٠٩):

وەتەنێ من کوردستانە، یادگاری ئەجدادمانە

بەهەشتی سەر ڕووی زەمینە، خاکی پاکی کوردستانە

با هەموومان وەک برا بین، ڕەفیقی دین و دونیابین

با لەوەحشەت تەوەللا بین، نۆبەتی عیلم و عیرفانە

کورد میللەتێکی ناسراوە، لە مەعاریف بە جێ ماوە

ڕۆژێ سەعی و تێکۆشە بۆ ئەو کەسەی کورد زمانە

کورد میللەتێکی قەدیمە، ساحێبی تەبعی سەلیمە

شاهیدی ئەم موددەعایە سەلاحەددینی سوڵتانە

زێوەر لێرەدا بە ئاوێتەکردنی مێژوو و جوگرافیا، کوردستان وەک "یادگاری باووباپیران" و "بەهەشتی سەر زەوی" دەناسێنێت تا هەستی خۆیبوون لای تاکی کورد بەهێز بکات. ئەو تەنها بە شانازیی مێژوویی و ناوهێنانی کەسایەتیی وەک "سەڵاحەدینی ئەییووبی" ناوەستێت، بەڵکو ڕزگاربوونی کورد لە "وەحشەت" و دواکەوتوویی، تەنها لە ڕێگەی "برایەتی، زانست و تێکۆشان"ەوە دەبینێت، هەروەها ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕابردوویەکی شکۆدار دەبێتە هەوێن و پاڵنەر بۆ داهاتوویەکی ڕووناک؛ کە لەسەر بنەمای زانست و زانیاری مرۆڤایەتیی بونیاد دەنرێت.

شاعیر لە هۆنراوەی (ماڵ جویکردنەوە) دا کە لە بەردەم (شا فەیسەڵی یەکەم) لە شاری سلێمانی خوێندوویەتییەوە، بە توندی بەگژ ڕەگەزپەرستە عێراقییەکاندا دەچێتەوە. لەو سەردەمەدا شیعری نەتەوەیی ببووە تەوەری سەرەکیی بەرهەمەکانی شاعیران؛ ئەم هەستەش لە ئەنجامی داگیرکاری، ستەم و ئەو وێرانکارییانەوە سەرچاوەی دەگرت کە دەرهەق بە نیشتمان دەکران، لەمبارەیەوە زێوەری شاعیر دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٢٤٨):

یا بە فەرزەن تو شای سەر زەمینی

ڕازیم بە بەشی خۆم و مسکێنی

دیجلە و فوراتت با هەر بۆ خۆت بێ

منیش کوردستان شاخی ڕەنگینی

زێوەری شاعیر لە هۆنراوەی (ئەی شەماڵ) دا پەسنی ئازایەتی کورد و خراپی نەیارانی دەکا، کە ئومێدی مانەوە و خۆڕاگریی نەتەوەکەی هەیە، و بەمشێوەیە دەدوێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٣٠٤) :

قەومی ساحێب مەتانەت و بە سەبات

چونکە بێ قەدرە لای هەوای حەیات

حورمەت و غیرەتی ئەکا ئیسبات

باقییە عەزمی تاکوو ڕۆژی مەمات

عاقیبەت شاخی بەرزی کوردستان

عەلەمی کوردی تیا ئەکا جەولان

زێوەر بە دیدێکی گەشبینانە و مێژووییەوە دەڕوانێتە داهاتوو و، پێیوایە سەرەنجام شاخە سەرکەشەکانی کوردستان دەبنە سەکۆی شەکایەوەی ئاڵای کورد. ئەم وێنە شیعرییە پەیامێکی ڕوونە بۆ نەوەکانی نوێ، کە شوناسی ئەوان بەستراوەتەوە بە خۆڕاگری و پاراستنی پیرۆزییەکانی نیشتمان لەسەر خاکی باووباپیران.

شاعیر لە گەلانی جیهان بێئومێدە سەبارەت بە پێدانی مافەکانی کورد؛ چونکە چەندین ستەمی یەک لە دوای یەک و بەڵێنی درۆینەی دەوروبەری بینیوە، بۆیە بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە ڕوو لە خودا دەکات و دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٤٣):

هیچ کەس نییە بەسۆزی دڵ و سینەم ئاشنا

شادم کە دڵ بە دەردی دەوای کوردە موبتەلا

ناشکێ بەتۆپ و بۆمبا، سەر ئەفرازە قەومی کورد

لایق نییە بە تەبعی بڵندان درۆ و ریا



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

وەنەبێت شاعیر تەنیا داوای مافی نەتەوەکەی بکات و خۆی بەوەوە سەرقاڵ نەکات؛ بەڵکو هەمیشە خەریکی هاندانی کورد بووە تا لە تێکۆشان نەوەستن. بۆ نموونە لە هۆنراوەی (کوردە ڕۆژی غیرەتە) دا دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٢٥٧):

کوردە ڕۆژی غیرەتە، لەم ڕۆژە ویجدانت ببێ

تۆ، کە ئیسلامی شوکور، کردەی موسوڵمانت ببێ

کوردە! ناوت کەوتە ناو ناوانەوە، گوێ ڕاگرە

لازمە بۆ تۆش بەدایم کردەوەی جوانت ببێ

دەرحەقی هاوشەهریی و هاومەزهەب و هاودینەکەت

ئیقتیدارت گەر هەیە ئینعام و ئیحسانت ببێ

لێهاتوویی شاعیر لەوەدایە کە وێنای کارەسات و ڕووداوی ناخۆش بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش بکات، یان لە نێو دیمەنێکی دزێودا جوانی بخولقێنێت. زێوەری شاعیر سەرەڕای داکۆکیکردنی هەمیشەیی لە مافی ڕەوای گەلی کورد و باسکردنی ئازایەتی و پلە و پایەی نەتەوەکەی، لە هەمان کاتدا ڕەخنەی بنیادنەر لە گەلی کورد دەگرێت و لە هۆنراوەی (ئەم کوردە) دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٢٠٠):

سەرڕای ئەوە دوژمن بەیەکن جوملە عەشیرەت

حەقیانە ئەڵێن کورد هەموو مەحکوومی جنوونن

ئەم حاڵە دەوامێکی تەبیعی هەیە بۆ کورد

تا غافڵ و بێ بەهرە لە عیلم و لە فنوونن

لەم دەقەشیعرییانەی سەرەوەدا، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە نموونە شیعرییەکان تەنها وێنەیەک نین کە ڕەنگدانەوەی دەروونی خودی شاعیر بن؛ بەڵکو کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر خوێنەر و کۆمەڵگە هەیە. ئەمەش بەو پێیەی: کاری ئەدەبی، جگە لەوەی تەنیا وێنەیەکی خودی خۆیەتی، ئەرکی ئەوەش نییە لە دەرەوەی توانای خۆی شتێکمان پێ ببەخشێت و ناشتوانێت ئەوە بکات؛ بەهای کاری ئەدەبی بەو زانیاری یان ئەزموونانە دیاری ناکرێت کە پێمان دەبەخشێت، بەڵکو بەو کاریگەرییە دیاری دەکرێت کە لە ناخماندا دروستی دەکات (الشنطي، ١٩٧٩، ٢٩) .

**بەشی دووەم: بەها پەروەردەییەکانی تایبەت منداڵان لە دەقەشیعرییەکانی زێوەر دا**

پرۆسەی فێرکردنی منداڵان بنچینەیە بۆ بنیاتنانی داهاتوویان؛ چونکە بەشدارە لە پەرەپێدانی توانا دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیان و، ئەو بەها و زانیارییانەیان تێدا دەچێنێت؛ کە ناسنامە و کەسایەتییان لەقاڵب دەدەن. ئەم پرۆسەیە تەنیا پێدانی زانیاری نییە، بەڵکو داهێنان، بیرکردنەوەی

ڕەخنەگرانە و سەربەخۆیی لای منداڵ پەروەردە دەکات و پەرەی پێ دەدات؛ بە شێوەیەک یارمەتیان دەدات بە متمانەوە ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان ببنەوە. هەروەها ڕۆڵی هەیە لە پەرەپێدانی زمان و توانای پەیوەندیکردنیاندا و پێیان دەگەیەنێت؛ تا ببنە ئەندامی چالاک لە کۆمەڵگەدا و، توانای داهێنانیان هەبێت و، بەشداری لە پێشکەوتنی نیشتمانەکەیاندا بکەن (مذكور، ٢٠٠١، ٢٣).

بەها پەروەردەییەکانیش بریتین لە کۆمەڵێ باوەڕ و بنەمای شاراوە لە تاکدا، کە ئیش دەکەن لەسەر ڕێنوێنی و ڕێککردنەوەی ڕەفتار و، ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی لە کۆمەڵگەدا، بە شێوەیەك دەتوانێت ئامانج و ڕەوتەکانی ژیانی هەڵبژێرێ ، کە پێی وایە شایەنی وەرگرتن و کارپێکردنن (مراس، ٢٠١٩، ٢٦). کەواتە ئەمانە کۆمەڵە بنەما و پێوەر و خەسڵەتانێکی ئەرێنین، کە پێویستە فێرخوازان بەدەستی بهێنن لە ناو ژینگەی فێرکردندا.

زێوەری شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە پێشڕەون لەهۆنینەوەی شیعری منداڵان، بۆیە لەناو ئەدەبی منداڵاندا یەکێکە لە شاعیرە هەرە دیارەکان و بە ڕابەری شیعری منداڵان دادەنرێت. شیعرەکانی زێوەر ئاسان و پڕ ئاواز و ناسك بوون، زۆربەیانی بە دەمی منداڵانەوە نووسیوە، هەربۆیە لەناو پرۆگرامەکانی خوێندنی کوردیدا جێگەیەکی گەورە و پانتاییەکی فراوانیان داگیرکردووە (عبد الكريم، ٢٠٢٢، ٥٧).

شاعیر لە دیوانەکەیدا دەیان هۆنراوەی تایبەتکردووە بە بواری پرۆسەی فێرکردنی منداڵانی کوردی؛ تا لەڕێیانەوە بتوانێت بەشێوەیەکی دروست پەروەردەیان بکات و، ئەم پەروەرکردنەش لەپێناوی پێگەیانی نەوەیەکی کوردی ڕەسەن بووە، کە هەڵگری بەهای پەروەردەیی جوان بن، گوزارشت بن لە منداڵێکی پەروەردەکراوی سەردەم و کوردێکی ڕۆشنبیری ڕەفتار دروستی داهاتوو بێ، بۆ نەتەوەکەی و دراوسێیان و وڵاتانی جیهان بەگشتی، واتە ئامانجی ئەم هۆنراوانە پێگەیاندنی نەوەیەکی کوردی ئاینداری ڕۆشنبیری ئاشتیخواز بۆ گەلانی سەرزەوی، بەمشێوەیەش بەختەوەری دین و ژینی دەبێ، ئەمەش لە کۆمەڵێك باس و بابەتی پەروەردەکردنی منداڵاندا خۆی دەبینێتەوە.

هۆنراوەکانی زێوەر بۆ منداڵان ڕەچاوی تەمەنیان کراوە، هەندێکیان بۆ منداڵانی بچووك و سەرەتای خوێندن دانراون، و هەندێکیشیان بۆ منداڵانی پێگەیشتوو. هەروەها سەبارەت بە بیرۆکەی شیعرەکانی، ئەوا هەندێکیان شاعیر خۆی دایناون، هەندێکیشیان لە زمانی دیکەوە وەرگێڕدراون، و هەندێکی دیکەشیان لەژێر کاریگەریی شیعری دیکەی شاعیرانەی کوردی دانراون (فەرهادی، ٢٠١٣، ١٧). کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیانخەینەڕوو:



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

١-پەروەردەی نەتەوەیی:

پەروەردەی نەتەوەیی، لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە باشترینەکانی ڕابردوومان بکەینە سەرچاوەی سەرەکی و سەرمەشقی ژیان و، لەگەڵ ئەوەشدا جوانترینەکانی ئێستاش هەڵبژێرین و نەوەکانمان بە جۆرێک ئامادە بکەین کە توانای ئەو کارەیان هەبێت؛ بۆ ئەم مەبەستەش بە چەکی زانست و کار ئامادەیان بکەین و، هەموو ئامرازە جیاوازەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بەکار بهێنین(فؤاد، ٢٠٢١، ١٣٥).

زێوەر وەک هەر شاعیرێکی تری نوێخوازی کوردستان، هەستی بە گرنگیی نیشتمانپەروەری کردووە و ویستوویەتی وەک بەرنامە و پرۆگرامی پەروەردەیی بە شێوەی هۆنراوە بە منداڵان بگوترێتەوە. بۆیە دەبینین لە هۆنراوەیەکیدا بە ناوی (گۆرانی بۆ قوتابیان)، بەم شێوەیە هانی منداڵان دەدات و لەسەر زمانی ئەوان دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٢١٩):

ئێمە کە منداڵ و نەوجوانین
هەموو بەقوربانی کوردستانین
چونکە حوببی وەتەن لە ئیمانە
بە مەحەببەتە ساحێب ئیمانین
سا ئەی ڕەفیقان لە ڕێی وەتەندا
زۆر تێ نەکۆشین زۆر بێ ویجدانین
چونکە وەتەنمان کە وەک بەهەشتە
ئێمەیش لە ناویا وەکوو غیلمانین
هەر بە هەواکەی کوردستان ئەژین
لەم باغەدا بولبولی خۆشخوانین

شاعیر بە وێناکردنی کوردستان وەک "بەهەشت"، هەستی شانازی و خۆیبوون لای منداڵان بەهێز دەکات و، تێکۆشان لە پێناو خاکدا بە ئەرکێکی "ویژدانی" و ڕەوشتی دەناسێنێت. ئەم جۆرە پەروەردەیە ئامانجی دروستکردنی نەوەیەکە کە نیشتمان بە ناسنامەی خۆی بزانێت و، بە ئومێد و خۆشەویستییەوە بۆ داهاتووی وڵاتەکەی هەنگاو بنێت.

ئەرکی نەتەوەییی شیعر گەیشتە ئەو ئاستەی کە هەمیشە لە لووتکەدا بێت و بخرێتە خزمەتی پرسی نەتەوەوە؛ ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە شاعیران بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕەوای خۆیان، بەشداری لە کایەی سیاسی و نەتەوەییدا بکەن. ئەمەش لە ڕوانگەی یەکرێزی، تەبایی و برایەتییەوە دەبێت، بۆیە شاعیر دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٨٧):

دەس لە مل یەکتری کەین باوەک برا بین هەموو

چاوی لە دەستی ئێمەیە ئەم دایکە قوڕ بەسەرە

مەکتەب شوورەی قەڵامانە بۆ حیفزی دین و دنیا

ئینسان کە نەخوێندەوار بێ کەم قەدر و بێ جەوهەرە

کوردستانمان بۆ بێبەش بێ لە ئەنواری مەعریفەت

ئاووهەوای وەک بەهەشتە داروبەردی گەوهەرە

هەر بەهۆی ئەم بیرە نەتەوایەتییانەشەوەیە، زێوەری شاعیر هانی ڕۆڵەکانی گەل دەدات کە شانازی بە کەسایەتی، مێژوو و کولتووری خۆیانەوە بکەن و، سەربەرزانە لە ناو نەتەوەکانی جیهاندا بژین؛ ئەمەش بۆ ئەوەی شانبەشانی کاروانی مرۆڤایەتی هەنگاو بنێن و، لە ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی گەلانی جیهان دوانەکەون.

هەروەها پێویستە ئەوەش بزانین کە پەروەردەی نەتەوەیی، هاوشێوەی پەروەردەی نیشتمانی، گوزارشتە لە ئامادەکردنی مرۆڤ بە شێوەیەک کە ببێتە تاکێکی چاک و سوودبەخش لەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژیت؛ بە جۆرێک ئەرکەکانی بەرانبەر بە خۆی و کۆمەڵگەکەی بە پاڵنەرێکی ناوەکی و ویژدانی ئەنجام بدات، پێش ئەوەی هیچ جۆرە چاودێری یان دەسەڵاتێکی دەرەکی هەبێت. هاوکات، ئەم پەروەردەیە بایەخ بە ئامادەکردنی منداڵان دەدات تا ڕێز لە یاسا بگرن و پارێزگاری لە مافی ئەوانی تر بکەن لە بوارە نەتەوەیی، کولتووری و فکرییەکاندا. جگە لەوەش، هۆشیارییان لا دروست دەکات دەربارەی گرنگیی کۆمەڵگە لە بونیادنانی ژیاندا؛ هەروەها کار دەکات بۆ قووڵکردنەوەی تێگەیشتن و ڕێزگرتن بۆ کارکردنی دامەزراوەیی، لێبوردەیی، قبووڵکردنی ڕەخنە و ڕای جیاواز (الجبور، ٢٠٢١، ١٤٦).

**٢-پەروەردەی ئاینی:**

ئایینی ئیسلام، بەشێکی دانەبڕاوە لە شوناسی کولتووری و نەتەوەیی گەلی کورد، کە بە درێژاییی مێژوو ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە دارشتنی بەها و، دابونەریت و، ژیاریی کوردستاندا گێڕاوە. کاریگەریی ئیسلام لە کوردستاندا، لە دوای بڵاوبوونەوەی لە ناو کورد، ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر بووە و، بووەتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ دارشتنی هۆشیاریی بەکۆمەڵی گەلی کورد. سەرەڕای ئەو ئاڵنگارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە لە بەردەم کۆمەڵگەی کوردیدان، هێشتا پەیوەندیی نێوان ئیسلام و شوناسی نەتەوەیی کورد، پەیوەندییەکی ئاڵۆز و فرەلایەنەیە؛ بە جۆرێک هەماهەنگی و ململانێی بەپێی زەمینە مێژوویی و جوگرافییەکان تێدا ڕەنگی داوەتەوە (پاڵانی، ٢٠٢٥، ٦١٣).

زێوەر، کە مەلایەکی شارەزا و موسڵمانێکی کوردپەروەر بووە، هەوڵی داوە لە ڕێی هۆنراوەکانییەوە نەوەی کورد هۆشیار بکاتەوە و فێری زانست، زانیاریی ئایین و ژیانی دنیایان بکات؛ تا بتوانن لەم ژیانەدا بە باشی شوێنکەوتەی ئایینی خۆیان بن و، خزمەتی نەتەوە و نیشتمانەکەیان بکەن. چونکە لای ئەو، خۆشەویستیی نەتەوە و بەرگریکردن لێی، نیشانەی باوەڕ و سەربەرزییە؛ بۆیە لە هۆنراوەی(بۆ نەوجەوانانی وەتەن) دا دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٢٠٣):

ئەی گوڵی گوڵزاری دین، ئەی نەوجەوانانی وەتەن

ئەی لە مەعنادا بەقیمەت یەک بەیەک دوڕڕی عەدەن

زوڵمەتی جەهل و عەداوەت نووری ئیسلامی نەهێشت

فرسەتی دەستکەوت عەدوو نەیخستە لەفزی «لا» و «لن»

تۆیش ئەگەر فرسەت لەدەست دەی ئەبیە مەملووکی کەسێ

شەوچرا هەڵگر ئەبــی، ڕۆژیش ئەشۆی جـام و لەگەن

زێوەر لەم هۆنراوەیەدا سوود لە چەمکە ئایینییەکان وەردەگرێت بۆ داڕشتنی پرۆگرامێکی پەروەردەیی کە تێیدا "دین و نیشتمان" تەواوکەری یەکترن؛ ئەو نەوجەوانان وەک پارێزەری شکۆی ئیسلام وێنە دەکات و هۆشدارییان دەداتێ کە دوورکەوتنەوە لە زانست و نوقمبوون لە نەزانی، دەبێتە هۆی سڕینەوەی ڕووناکیی باوەڕ و زاڵبوونی دوژمنان. شاعیر پەروەردەی ئایینی تەنها لە پەرستشدا نابینێت، بەڵکو بە هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەییەوە دەیبەستێتەوە و، پێیوایە تاکی باوەڕدار دەبێت خاوەن ویست و "فرسەتناس" بێت؛ تا نەکەوێتە ژێر دەستی بێگانە. لە ڕوانگەی زێوەرەوە، ئامانجی باڵای پەروەردەی ئایینی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و ڕزگارکردنیەتی لە ژیانی سەرشۆڕی؛ چونکە ئایینی ئیسلام ڕێگە نادات مرۆڤ ببێتە "بەندە" و کۆیلەی کەسانی تر.

**٣-پەروەردەی زانستی:**

ئەم جۆرە پەروەردەکردنەش بۆ ئەوەیە کە منداڵ کاتێ (٧) ساڵ ئەبێ و ڕۆیشتە قوتابخانە، ئیدی ئەرکی ئەوەیە هەست بە بەرپرسیارێتی ئایینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی بکا؛ ئەمەش لە ڕێی پەروەردە و فێربوون خوێندنەوە دەبێ، وەك شاعیر دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ١٣١):

| | |
|---|---|
| زەمانی تیفلیی تێپەڕ بوو سەلامەت | لەجێی هات وەختی سەعیی زۆر بەقیمەت |
| بەڵێ حەوت ساڵەگیم ڕابوورد و ڕۆیی | گەیشتمە ڕیزی لاوانی بەهیممەت |
| لە ڕێگای خوێندنا وا تێ دەکۆشم | کە بچمە مەرتەبەی ژوورووی زەعامەت |

زێوەر لەم دەقە شیعرەدا پەروەردەی زانستی وەک تاکە چەک بۆ پاراستنی بەهای نەتەوە و ئایین دەبینێت؛ ئەو هۆشداری دەدات کە "نەزانی" ڕێگە خۆش دەکات بۆ داگیرکاری و کۆیلایەتی. لای

شاعير، زانست ئەو "شەوچرا"یە یە کە نەوەی نوێ لە ژێردەستەیی و خزمەتکاریی بێگانە رزگار دەکات و، دەیانگەیەنێتە لوتکەی سەربەخۆیی. بەمەش زێوەری شاعیر فێربوونی زانست لە ئەرکێکی ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ پیرۆزییەکی نەتەوەیی و ویژدانی.

**٤-گرنگیدان بە پاکوخاوێنی:**

مەبەست لێی پەروەردەکردنی منداڵانی کوردە لەسەر بنەمای بایەخ و گرنگیی پاکوخاوێنی لە ژیاندا؛ ئەمەش لە رێکپۆشی و رێرۆیشتنی سەربەرزانەدا رەنگ دەداتەوە. زێوەر بایەخێکی زۆر بە پەروەردەی تەندروستی و رەفتاریی منداڵ دەدات و، پاکوخاوێنی وەک رەهەندێکی شارستانی و ئایینی دەبینێت. ئەو دەیەوێت لەسەر بنەمای "رێکوپێکی" پەروەردەیان بکات، ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی شکۆی تاکی کورد و نیشاندانی سیمایەکی مۆدێرن لە ناو نەتەوەکاندا. بۆ نموونە لە هۆنراوەی (قسەی شاگردێک) دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٣٨٧):

| | |
|---|---|
| هەموو بەیانی کە لە خەو هەستم | پاک ئەیشۆم چاو و روومەت و دەستم |
| بەفر و با نەبێ سەریشم ئەشۆم | یەک دوو پارچە نان بە چاوە ئەخۆم |
| جلی شەونووستن لە خۆم لا ئەبەم | بە جلی مەکتەب بەدەن رێک ئەخەم |
| ئەمجا هەڵدەستم بۆ چوونە مەکتەب | ئەڕۆم بەرێوە بە حەیا و ئەدەب |

هەموو ئەمانەشی بە رەفتاری دروست لە خوێندن و قوتابخانەدا گرێ داوە (قەرەنی، ٢٠٠٨، ١٨٣-١٨٤)؛ بۆیە دیسانەوە لەسەر زاری ئەوان دێتە گۆ و دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٣٨٧-٣٨٨):

| | |
|---|---|
| دەفتەر و کتێب قەڵەم هەڵدەگرم | بە وردە وردە رێی مەکتەب ئەگرم |
| لە رێگا لەگەڵ کەس هەرا ناکەم | بە بەردەفڕکێ خۆم ریسوا ناکەم |
| گوێ لە دەرس ئەگرم ئەیکەمە بەرم | ئەیشینووسمەوە لەناو دەفتەرم |
| ئاوا بێ مەکتەب جێگای خوێندنە | جێگای تەربیە و هونەر سەندنە |

زێوەر لەم هۆنراوەیەدا وێنای «قوتابیی نموونەیی» دەکات؛ کە تێیدا رەوشتی بەرز و فێربوونی زانست ئاوێتەی یەکدی دەبن. ئەو جەخت دەکاتەوە لەوەی قوتابخانە تەنیا مەڵبەندی فێربوونی نووسین و خوێندن نییە، بەڵکو جێگەی «پەروەردە» و پێگەیاندنی رەفتارییە؛ بۆیە هانی منداڵان دەدات کە لە دەرەوەی ژینگەی خوێندنیش پارێزگاری لە رەوشت و شکۆی خۆیان بکەن، تا بتوانن بە هێمنی و بایەخپێدانێکی تەواوەوە سوود لە زانست و هونەر وەربگرن.

**٥-پەوەردەی کچان:**

پەروەردەکردنی کچان، بایەخێکی زۆری پێ دراوە لە هۆنراوە و دەقە شیعرییەکانی زێوەری شاعیردا؛ ئەو پێی وایە کچان جوانیی ژیان و ئارامیی ڕۆحەکانن، بۆیە پێویستە لەسەر ئاکار، ڕەوشتی ئایینی و ڕەسەنایەتی پەروەردە بکرێن و فێری زانست و زانیاری بن. وەک ئەوەی لە هۆنراوەی (بۆ کچان) دا ڕەنگی داوەتەوە و دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ١٩٠) :

کرمەک و گوارە و لاگیرە و قاپ و قورئانم    دەرسی دینییە و ئەخلاقە لەگەڵ ئیمانم

عەسمەت و عیفەت و ناموس و حەیا زینەتمە    ئەدەب تەربییەیە لازمەی ئیمانم

قیمەت و قەدری کچان شەرم و حەیا و ئەدەبە    ڕێی ئەدەب عیلمە منیش شەفتەی عیرفانم

سەنعەتی ئیشی دەس و مەعریفەتێکم کە نەبێ    تیغ بێ جەوهەر و نەقش ڕەفە و هەیوانم

خدمەتی دایکم و باوکم وەکوو نوێژ فەرزە لەلام    خاکی سەر ڕێگەکەیان سورمەیە بۆ چاوانم

زێوەر لەم هۆنراوەیەدا پێناسی جوانیی کچان لە کەرستەی ڕووکەشەوە بۆ بەهای مەعنەوی دەگۆڕێت و، زانست و ئەدەب و شەرم وەک گەوهەری ڕاستەقینەیان وێنا دەکات. ئەو جەخت لەسەر ئاوێتەکردنی ئایینپەروەری و فێربوونی «پیشە و زانیاریی» دەکاتەوە؛ چونکە کچی بێ زانست وەک تیغێکی بێ جەوهەر وایە. لە کۆتاییدا، خزمەتی دایک و باوک بە ئەرکێکی پیرۆزی وەک نوێژ دادەنێت، کە ئەمەش لوتکەی وەفاداری و پەروەردەی دروستی کچان لای شاعیر نیشان دەدات. هەروەها لە هۆنراوەی (بالۆرەی کچە کوردێک) دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ١٨٨) :

کیژۆڵەی کوردستانم، بە ڕەزای سەر بەردانم

کەنیزەی ناو شاخانم، لە خواوەیە من جوانم

ئەی ئەو کەسەی بێ دینە، تۆ وەرە من ببینە

کاری خوا چەند شیرینە، لە خواوەیە من جوانم

لێرەدا زێوەر جوانیی کچانی کورد بە ڕەسەنایەتیی سروشتی کوردستان و هێزی بڕواوە دەبەستێتەوە. ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جوانیی کچان بەهرەیەکی پیرۆزی خوداییە و، پێویستی بە دەستکاری و لاساییکردنەوەی بێگانە نییە؛ بەمەش دەیەوێت کچی کورد بەو شێوەیە پەروەردە بکات کە شانازی بە شوناس و، خاک و، ئایینی خۆیەوە بکات و، لە بەرامبەر کلتوری دەرەکیدا خاوەن کەسایەتییەکی سەربەخۆ و بڕوابەخۆبوو بێت.

**٦-ڕێزگرتن لە دایباب:**

زێوەری شاعیر جەختێکی زۆری لەسەر پەروەردە و فێرکردنی منداڵان کردووەتەوە؛ ئەو توانیویەتی لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە چەندین پەیام و واتای گرنگ بە منداڵان بگەیەنێت، تاوەکو لەسەر ئاکارێکی بەرز و زانیاریی دروست گۆش بکرێن و، ڕێز لە خێزان، نیشتمان، خوێندن و

دەوروبەریان بگرن. بۆ نموونە، هۆنراوەیەکی تایبەت کردووە بە "باوک" و تییدا دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ١٥٩):

ئەی بابە ئەی نووری نەزەر زۆر حەقی تۆم کەوتووەتە سەر
هەر تۆی کە داوتە تەربییەم دائیم بە سەد خوێنی جگەر
بۆ حاڵ و ئیستقبالی من کۆشش ئەکەی تۆ بێ کەدەر
چاکەت ژمارە ناکرێ ئەی سرووری عالی گەوهەر

پاشان لەبارەی دایکەوە هۆنراوەی بۆ منداڵان چریوە و دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٤٤٣):

کێیە ناساغ بم بکا شین و گرین؟
وەختی ساغیم بێتە خۆشی و پێکەنین؟
خۆشەویستی خۆمە دایکی نازەنین
وەختی پیریت دایە ئەی ئارامی گیان
کێیە قەدر و حورمەتت بگرێ بەگیان
دایەڵێی خۆمم خودا یار بێ و موعین

زێوەر لەم دوو دەقە شیعرەدا بنەماکانی «وەفاداری و سوپاسگوزاری» وەک دوو کۆڵەکەی سەرەکیی پەروەردەی خێزانی نیشان دەدات. ئەو لەسەر زاری منداڵەوە دان بە ماندووبوونی باوکدا دەنێت بۆ دابینکردنی پاشەرۆژێکی گەش، هەروەها سۆزی بێپایانی دایک وەک تاقە پەناگە لە کاتی نەخۆشی و ناخۆشیدا وێنا دەکات. شاعیر دەیەوێت نەوەی نوێ بەو ئاراستەیە پەروەردە بکات کە ڕێزگرتن و خزمەتکردنی دایباب لە کاتی پیریدا بە ئەرکێکی مرۆیی و ئایینی بزانن، چونکە چاکەی ئەوان "ژمارە ناکرێت" و، گەورەترین قەرزە لەسەر شانی منداڵ.

**٧-گرنگیدان بە وەرزش و یاری:**

زێوەر تەنیا لە چوارچێوەی پەروەردەی تیۆری و ئایینیدا نەمایەوە، بەڵکو بە دیدێکی سەردەمیانە بایەخی بە لایەنی جەستەیی و تەندروستیی منداڵ داوە. ئەو یاری و وەرزش وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ گەشەی منداڵ و بەستنەوەی بە نەتەوە و نیشتمانەوە دەبینێت، بۆ نموونە لە هۆنراوەی (تۆپی پێ) دا دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٤٢٥):

ئەی تۆپەکە فووت بۆڵەکە من دێم لە دەستم ڕامەکە
تۆ تۆپی یاریکردنی وەک کوولەکەی ڕۆحی منی
وەختێ کە چوویتە ئاسمان بانگ کە لەگەڵ من یەک زبان
خۆش بێ وەتەن خۆش بێ وەتەن بەزر بێ وەتەن بە عیلم و فەن

شاعیر لێزانانە سوودی لە هەموو بەهایەکی پەروەردەیی وەرگرتووە؛ بۆ پەروەردە منداڵانی کورد، بۆ نموونە لە زمانی پزیشکێک کە جاران پێیان وتراوە (حەکیم) پەند بۆ منداڵان دەڵێتەوە و دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ١٩٧):

حقووقیان هەیە خەلق بەسەرمەوە　　　لام یەکە غەیر و هاودینی خۆشم
چونکە ئینتیهای عیلم هەر نییە　　　بە هەموو نەوعێ من تێ ئەکۆشم
بۆ هەموو دەردێ دەرمانێ هەیە　　　وەقتی عیبادەت بۆیە ڕووخۆشم

هەموو ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە شاعیر وەک کوردێکی موسڵمان، هەمیشە لە خەمی سەربەرزیی نەتەوەکەیدا بووە؛ بۆیە تەواوی خۆشەویستی و هەوڵ و تێکۆشانی لەم پێناوەدا خەرج کردووە. ئەم هەستە نەتەوەییە لە هۆنراوەی (وەتەنی خۆشەویست) دا بە تەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە، کە تێیدا دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٢٣٨):

ئەی وەتەن! چەند خۆشەویستی ڕۆحی شیرینی منی
مەزرەعەی توخمی نیشات و باعیسی ژینی منی
گەرچی ئەرزی، هێند بڵندی وەختە لای من بچیە عەرش
واسیتەی سەربەستیی و ئیجرایی ئایینی منی

زێوەر لەم دەقەدا نیشتمان وەک سەرچاوەی ژیان و «ڕۆحی شیرین»ی خۆی دەبینێت و، پیرۆزییەکەی دەگەیەنێتە ئاستی «عەرش». لای ئەو، نیشتمان تەنیا خاک نییە، بەڵکو مەرجی سەرەکییە بۆ گەیشتن بە «سەربەستی» و بەجێهێنانی «ئەرکە ئایینیەکان»؛ بەو واتایەی بەبێ نیشتمانێکی ئازاد، نە ئایین و نە ژیان شکۆیان دەبێت.

**بەشی سێیەم: شێوازی شاعیر لە پەروەردەی نەتەوەیی منداڵاندا**

لە کایەی ئەدەبیی کوردیدا، زێوەر وەک یەکێک لە پاراوترین و دەسترەنگینترین شاعیرەکان دەردەکەوێت؛ ئەو لە ڕووی ناوەڕۆکی شیعرییەوە خاوەن وەستاییەکی بێوێنەیە و لە ئاوێتەکردنی خەیاڵی داهێنەرانە و چێژی هەستیارانەدا سەرکەوتوو بووە. مارف خەزنەدار زێوەر دەچوێنێت بە تەلارسازێک (میعمار) کە بە وشەی پڕئاواز، ڕستەی بەساز، کێشی ئاسان و سەروای تۆکمە، پەیکەری بەرهەمە شیعرییەکانی دەتاشێت؛ بە جۆرێک کە هەر تێکستێکی دەبێتە نموونەیەکی باڵای داهێنانی هونەری (خەزنەدار، ٢٠١٠، ٥/٢٤٤).

ژیانی زێوەر بە تەواوەتی لەگەڵ شیعردا ئاوێتە بووە، بە چەشنێک کە لە نێوان دوو ڕووبار-ئاو-ی جیاوازی شیعریدا مەلەوانیی کردووە؛ جەمسەری یەکەمیان بریتییە لە "شیعری داهێنەرانە"؛ کە سەرچاوەکەی ئیلهامێکی کتوپڕە و، وەک بروسکەیەک لە دڵەوە بەرەو مێشک چەخماخە دەدات.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

جەمسەری دووەمیشیان، بریتییە لەو "شیعرە پەروەردەییانە"ی کە بۆ مەبەستی فێرکاری و ڕێنمایی گەلالە بوون؛ لێرەدا وێنە و ڕووداوەکان وەک واقیعێکی مێشکی دەست پێدەکەن و، پاشان وەک شنەبایەک ڕوو لە دڵ دەکەن، تا بەرهەمێکی شیعریی خاوەن پەیامی پەروەردەیی بەرهەم بهێنن (خەزنەدار، ٢٠١٠، ٥/٢٧٧).

ئەو تایبەتمەندییە هونەرییانەی کە مارف خەزنەدار ئاماژەی پێکردوون، لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی شێوازە نەرم و سادەکەی زێوەرن لە خستنەڕووی پرسی "پەروەردەی نەتەوەیی" بۆ منداڵان. شاعیر زمانێکی ڕوونی بەکار هێناوە؛ کە لە سۆز و دەروونی منداڵەوە نزیکە، ئەمەش وای کردووە بەها نەتەوەییەکان و هەستی نیشتمانی بە ئاسانی بگەنە وەرگر. زێوەر لە داڕشتنی دەقەکانیدا، پشتی بە وێنەی ڕیتۆریکی (ڕەوانبێژی) سادە و ڕیتمی مۆسیقیی سەرنجڕاکێش بەستووە؛ ئەمەش نەک هەر چێژێکی هونەریی بە دەقەکان بەخشیوە، بەڵکو پرۆسەی لەبەرکردن و چاندنی چەمکە نەتەوەییەکانی لە مێشکی منداڵاندا، بە شێوەیەکی خۆشەویست و کاریگەر ئاسان کردووە.

لە ڕووی زاراوەسازییەوە، "شێواز" لە بنەڕەتدا بە واتای هونەر و ڕێگایەکی تایبەت دێت کە خەسڵەتێکی تاکەکەسیی هەیە (الفيومی، ٢٠٠٢، ١٠٤). ئەم چەمکە لە کایەی "پەروەردە و فێربوون"یشدا، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک ڕەفتار، هەڵوێست و شێوازە گونجاوەکانی مامۆستایە کە لە پرۆسەی گەیاندنی زانیاریدا پەیڕەویان دەکات (حەمەدەمین، ٢٠١٤، ٢٧). بە وردبوونەوە لە هۆنراوەکانی زێوەر بۆ منداڵان، دەبینین وەک پەروەردەکارێک چەندین شێوازی تایبەتی گرتووەتە بەر؛ ئامانجی سەرەکیشی لێی ئاشناکردنی منداڵانی کورد بووە بە زانست و زانیاری، لەپاڵ چاندنی ڕەوشت و بەها بەرزەکاندا. لێرەدا بەپێی جۆری شیعرەکانی، گرنگترین ئەو شێوازانە لەم خاڵانەدا دەخەینە ڕوو:

**١- فێرکاری (فێرکردن):**

شیعری فێرکاری، یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهەبەندیی شیعر؛ ئەم جۆرەی شیعر مەیلی بەرەو گەیاندنی واتایەکی هزری و بابەتیی هەیە و، لایەنی خودی-تاکەکەسی و هەستیی شاعیر- بە تەواوەتی پشتگوێ دەخات. لێرەدا ئەرکی شیعر لە کاردانەوەیەکی هەڵچوونییەوە بەرەو ئاقارێکی پەروەردەیی دەگۆڕێت؛ کە مەبەستی سەرەکیی لێی پرۆسەی فێرکردنە (قەرەنی، ٢٠٠٨، ٢٤).

ئەم شێوازە جۆرێکی بنەڕەتیی ئەدەبی منداڵانە و لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ڕەگێکی قووڵی هەیە؛ لەوانە کارە ناودارەکانی وەک (نۆبەهاری بچووکانی ئەحمەدی خانی) و (ئەحمەدیی شێخ مارفی نۆدێ) و چەندین دەقی تری فێرکاری. زێوەری شاعیریش لەم بوارەدا خاوەن پێگەیەکی دیارە و

چەندین هۆنراوەی بۆ فێرکردنی منداڵان تەرخان کردووە؛ بۆ نموونە لە شیعری (ژمارە)دا بەم شێوەیە ڕێساکانی ژماردن دەخاتە ڕوو، دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٤١٢):

یەک، دوو، سێ، چوار،　ئاسانەتۆ بیژمێرە و بیزانە

پێنج و شەش کوا گرانە؟　ژمارەی زۆر ئاسانە

حەوت و هەشت و نۆ و دە　هەر کەس بیزانێ مەردە

کێ نایزانێ ژماردن　مەنعە لە یاریکردن

خۆ من فێر بووم حیساب　ئەی گەورەی عالی جەناب

ئەم نموونەیەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە شیعر ئەرکی وشیارکردنەوەی بە باشی پێکهێناوە و، کاریگەری و جێپەنجەی خۆی لەسەر دۆخی ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمە جێ هێشتووە. ئەوەی جێی سەرنجە، شاعیر ڕەهەندی "پاداشت"ی وەک هاندەرێکی دەروونی بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەکار هێناوە؛ وەک لەم دێڕەدا دەڵێ:

کێ نایزانێ ژماردن　مەنعە لە یاریکردن

هەروەها لە هۆنراوەی (ناوی ڕۆژەکان) دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٤١٣):

بەخێر هاتی ئەی شەمە لە پاش تۆ یەکشەمە

ئەی موبارەک دووشەمە دوای تووە دێ سێشەمە

چوارشەمە موبارەکە　پێنجشەمە تەدارەکە

جومعە ئەچینە گەڕان　بۆ زیارەت و سەیران

بێگومان ئەم شێوازە نوێیەی فێرکاری، کە تێیدا ناوی ڕۆژانی هەفتە بە شیعر گەیێنراوە، وەک دەسپێشخەرییەکی گرنگ بۆ زێوەری شاعیر دەگەڕێتەوە. یەکێک لە دیارترین ئەو تەوەرانەی شاعیرانی ئەم قۆناغە جەختیان لێ کردووەتەوە، هاندانی کۆمەڵگە بووە بۆ فێربوونی خوێندن و نووسین و، بایەخدان بە "قوتابخانە" (مەکتەب)، وەک تاکە ڕێگەی گەڕان بەدوای زانست و زانیاری و، گەیشتن بە ڕووناکبیری و پێشکەوتن .

**٢-هاندان:**

شاعیران بۆ چەسپاندنی بەها و نەریتە دروستەکان، هەمیشە هەوڵیانداوە کارە باش و پەسندەکانی ناو کۆمەڵگە بخەنە ڕوو. لەم ڕوانگەیەوە، زێوەر دەیان بەیت و چەندین هۆنراوەی تایبەت کردووە بە هاندانی منداڵان بۆ فێربوون و گۆشکردنیان بە پەروەردەیەکی ڕەسەن. بۆ نموونە، لە هۆنراوەی (بۆ منداڵانی قوتابخانە) دا دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٢٢١):

من منداڵی بچووکم، مەکتەبە ڕۆح و سەرم          بە سەعی و خۆشی خۆشی، دەرسم ئەکەمە بەرم

سەعی گەر ماندووم ئەکا شادم دەرسم ڕەوانە          منداڵێ کە تەمەڵ بێ خوێری ناو کۆڵانانە

دنیا چاوی ڕۆشن بوو بە سایەی عیلم و فەن بوو          ئەی ڕەفیقانی مەکتەب ڕۆژی عیلم و عیرفانە

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر "قوتابخانە" تەنیا وەک شوێنێکی فێربوون نابینێت، بەڵکو وەک سەرچاوەی ژیان و ناسنامە (ڕۆح و سەر) وێنای دەکات. پەیامی سەرەکیی زێوەر –بۆ منداڵان– لێرەدا، بەستنەوەی شکۆی مرۆڤە بە زانستەوە؛ ئەو زۆر بە ڕاشکاوی "تەمبەڵی" وەک هۆکاری بێبایەخیی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات و، لە بەرامبەردا، " زانست و هونەر" وەک تاقە کلیلی ڕووناککردنەوەی جیهان و پێشکەوتنی شارستانییەت دەخاتە ڕوو.

٣–وێناکردن:

شیعر وەک شادەمارێکی زیندوو بە گشت جومگە سەرەکییەکانی ژیاندا بڵاو بووەتەوە؛ لێرەدا شاعیری بەتوانا دەتوانێت ڕۆڵی فۆتۆگرافەرێک ببینێت لە گواستنەوەی وردەکارییەکانی ژیان و دروستکردنی وێنەی شیعری. زێوەر لە هۆنراوەی (قسەی قوتابییەک) دا، وێنایەکی نموونەیی بۆ خێزانی نەتەوەیی دەکێشێت و دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ١١٢):

ئێمە منداڵین: وەتەن ماڵمانە          مامۆستا باوک، مەکتەب دایکمانە

قوتابی هەموو وەک برامانە          کوردی خۆشەویست نووری چاومانە

ئەبێ تێ کۆشین ئەمڕۆ مەردانە          چونکوو وەتەنمان چاوی لێمانە

زێوەری لەم وێناکردنەیدا، چەمکە نیشتمانییەکانی وەك: (وەتەن–نیشتمان، مامۆستا، قوتابخانە) دەگۆڕێت بۆ چەمکە سۆزدارییەکانی ناو خێزان، وەك: (ماڵ، باوک، دایک)؛ ئەمەش بە ئامانجی قووڵکردنەوەی خۆیبوونی منداڵ و ، گۆڕینی تێکۆشان بۆ ئەرکێکی ویژدانی. لێرەدا، شاعیر وێنەیەکی ڕوونی "بەرپرسیارێتی" دەکێشێت و، نەوەی نوێ وەک تاقە ئومێدی نیشتمان نیشان دەدات.

٤–ستایشکردن و پیاهەڵدان:

ستایشکردن یەکێکە لە گرنگترین شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ؛ چونکە متمانەبەخۆبوونیان بەرز دەکاتەوە و، دەبێتە پاڵنەرێک بۆ گەڕان بەدوای زانستدا. بەکارهێنانی قسەی ئەرێنی و پاداشتی مەعنەوی، هەستی بەرپرسیارێتی لە ناخی منداڵدا پەرە پێدەدات (الشطي، ٢٠١٤، ٥٢٣). زێوەری شاعیر لەم ڕوانگەیەوە و بۆ بەرزکردنەوەی وورەی نەوەی نوێ، بە زمانێکی پڕ لە ستایش و هاندانی پڕخرۆش–پڕگوڕ – دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٤٠٢)

ئەگەر سەرکەوی بەخوا سەرکەل بەهارە　　هەموو شاخانی وەڵڵا دنیات لێ دیارە
بە هیممەت بە، بەقیمەت بە، تۆ پڵنگی　　بۆچی لەم دەورە کوردە هەر تۆ دڵتەنگی
سەرکەوتن وەڵڵا ئەمڕۆ هەر بە خوێندنە　　میللەتی جاهیل وەڵڵا چاری مردنە
بە غیرەت بە، نەوەی شێری، زۆر دلێری　　بۆچی لەم عەسرە ڕۆڵە هەر تۆ ئەسیری

زێوەر لەم دێڕە شیعرانەدا، ستایشی منداڵ دەکات بەوەی کە "نەوەی شێر" و "پڵنگ"ە؛ ئەمەش بەکارهێنانی خوازەی (Metaphor) پڕخرۆشییە بۆ دوورخستنەوەی هەستی دڵتەنگی و دیلی لە ناخی تاکی کورددا. شاعیر ستایشکردنەکە دەبەستێتەوە بە "خوێندن" وەک تاکە ڕێگەی سەرکەوتن، بەمەش پەیامێکی ڕەوشتی و نەتەوەیی ئاوێتە دەکات؛ تاوەکو منداڵ لە ڕێگەی متمانەبەخۆبوونەوە بەرەو وشیاری هەنگاو بنێت.

**٤-پەند و ئامۆژگاری:**

ئامانجی سەرەکیی ئەم شێوازە، ئاراستەکردنی منداڵە بۆ گەیشتن بەو پەیامە پەروەردەییانەی شاعیر مەبەستییەتی؛ ئەمەش یان لە ڕێگەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ منداڵان، یان بە قسەکردن بە زمانی ئەوان بۆ گەیاندنی ویست و ئامانجەکان ئەنجام دەدرێت (قەرەنی، ٢٠٠٨، ١٥٥). لێرەوە، شیعری ئامۆژگاری وەک ناوەرۆکێکی زیندوو لە چوارچێوەی مەبەستە شیعرییەکاندا، بایەخێکی تایبەتی هەیە؛ چونکە پەند و ڕێنمایی، ئامرازێکی بەرجەستەی پرۆسەی پەروەردەن. زێوەری شاعیر لێزانانە ئەم شێوازەی بۆ گۆشکردنی منداڵان بەکار هێناوە؛ بۆ نموونە لە هۆنراوەی (سەعات) دا، لە دێڕی کۆتاییدا پەندێکی گرنگ دەخاتە ڕوو و دەڵێ (زێوەر، ٢٠٢١، ٤٠٨ ):

هەر کەس بە تەرتیب ڕێک نەکا کاری　　ڕێکوپێک نابێ هەموو کرداری

هەروەها شاعیر هۆشداری دەداتە منداڵان لە کاریگەریی نەرێنیی هاوڕێی خراپ و، لەمبارەیەوە پەند و ئامۆژگاریی گرنگیان ئاراستە دەکات؛ هەروەک لە هۆنراوەی (هاودەم) دا بەم شێوەیە دەدوێت (زێوەر، ٢٠٢١، ١٦٠ ):

هاودەمیی ئینسانی بەدکردار و دار　　قەت مەکە تا ماوی ئانێ ئیختیار
قەد لەبەرخۆ ناکرێ چاکەی ئومێد　　چۆن ئومێدی مەرحەمەت ئەکرێ لە مار
هەرکەسێ سووکیی بوێ بۆ نەفسی خۆی　　یا تەلەب کا مەدح و ناو و ئیعتبار
ناوی لائەبرێ لەسەر لەوحەی شەرەف　　هەقی نامێنێ لەسەر عیزز و ویقار

شاعیر لە هۆنراوەی (ئاشتیی دوو دۆست) دا، بە شێوازێکی پەروەردەیی پەند و ئامۆژگاریی ئاراستەی منداڵان کردووە؛ کە ڕووی دەمی دەکاتە منداڵان و، بە زمانی ئەوان بۆ بەها مرۆییەکان دێتە گۆ و دەدوێت (زێوەر، ٢٠٢١، ٤٠٦ ):

لە یەکەم ڕۆژی میهرەبانیمان　　　　بیهێنە خاتری خۆش برایيمان

بیپێچینەوە قسەی ڕابردوو ئەوەی کە بووە لەواتەی هەردوو

ئەگەر لە بەینا ڕووی دابێ عیتاب　　　　بیگۆڕینەوە بە چاکە و سەواب

هەرچی بێژراوە بۆ من یا بۆ تۆ　　　　گوێ نەگرین ئیتر لە قسەی بەدگۆ

جوانە ئاشتی بە سیدق و ئولفەت　　　　بچینەوە سەر عەهدی مەحەببەت

ئەو شێوازە جۆراوجۆرانەی شاعیر پەیرەوی کردوون، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە شیعر ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە ناو کۆی ئەو بابەتە ئەدەبی و زانستییانەی بۆ وشیارکردنەوە و پەروەردەکردنی منداڵ تەرخان دەکرێن (قەرەنی، ٢٠٠٨، ١٨٠). زێوەر لە ڕێگەی ئەم داڕشتنە هونەرییانەوە، تیشکی خستووەتە سەر بەرزکردنەوەی هەستی شانازیی نەتەوەیی و چەمکە نیشتمانییەکانی وەک: قوربانیدان، ئازایەتی و خۆشەویستیی خاک. شاعیر لێزانانە کەڵکی لە چیرۆکی سادە و بارودۆخی ژیانی هاوچەرخی منداڵ وەرگرتووە؛ ئەمەش وای کردووە پەیامە پەروەردەیی و نەتەوەییەکانی لە ژینگەی منداڵدا کاراتر و کاریگەرتر بن.

کەواتە، پەروەردە بریتییە لەو وێنا عەقڵانی و ڕەوشتییەی کە بەسەر نەتەوەدا زاڵە. هەر چاکسازییەکیش پشت بە چاککردنی ڕەوشت نەبەستێت، ئەوا سزای لاوازی و هەڵوەشانەوەی بەسەردا دراوە و لە ماوەیەکی کەمدا کاریگەریی خۆی لە دەست دەدات؛ چونکە دارمانی ڕەوشت ڕێگرە لەبەردەم ڕۆڵەکانی نەتەوە و، دەبێتە بەربەست لە گەیشتن بە هێز و، شکۆ و، یەکڕیزی نەتەوەیی و، بونیادنانی بنچینەیی (فؤاد، ٢٠٢١، ١٣٥).

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو بڕوایەی کە زێوەری شاعیر، بە قووڵی تێکەڵی جیهانی منداڵان بووە و، توانیویەتی لە یەک کاتدا ڕۆڵی (ڕێنماییکار، مامۆستا، باوک و هاوڕێ) ببینێت. ئەو بە زمانێکی ساکار و پاراو، سەرنجی منداڵانی کوردی بۆ ئەنجامدانی ئەرکە ڕۆژانەییەکان و بایەخدان بە خوێندن ڕاکێشاوە؛ ئەمەش بە ئامانجی بونیادنانی کەسایەتییەکی وشیار، تا لە داهاتوودا وەک نەوەیەکی بەسوود و لێهاتوو، بتوانن خزمەتێکی شایستە بە ئایین و نەتەوە و نیشتمانەکەیان بکەن (عبد الكريم، ٢٠٢٢، ٥٨).

**ئەنجام:**

پاش کۆتاییهاتنی ئەم توێژینەوەیە، گەیشتینە چەند ئەنجامێک کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکرێنەوە:

١. زێوەری شاعیر بە شیعر و هەڵوێستە نیشتمانییەکانی، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دەسپێشخەری بۆ چەسپاندنی شوناسی نەتەوەیی و گەشەپێدانی بەها باڵاکان لای منداڵانی کورد هەبووە.

٢. زێوەر لە ڕێگەی دەقەکانییەوە، جەختی لەسەر پێویستیی بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی لە تەمەنە سەرەتاییەکاندا کردووەتەوە؛ ئەمەش بەهۆی کاریگەرییە قووڵەکانی ئەو قۆناغە لەسەر دارشتنی وشیاریی منداڵ.

٣. شاعیر شێوازە زمانەوانی و هونەرییەکانی بە جۆرێک بەکار هێناوە کە لەگەڵ تێڕوانین و جیهانبینیی منداڵدا بگونجێت، ئەمەش یارمەتیدەرێکی سەرەکی بووە لە گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکانی.

٤. شیعرەکانی زێوەر ڕەنگدانەوەی بەها پەروەردەیی و کلتوورییەکانن، کە پشتگیری لە بونیادنانی کەسایەتیی منداڵ دەکەن و، هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەی بەهێز دەکەن.

٥. توێژینەوەکە جەختی لەسەر گرنگیی بەکارهێنانی ئەدەب بە گشتی و، شیعری منداڵان بە تایبەتی کردەوە؛ وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ چاندنی شوناسی نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی وشیاریی کلتوری.

٦. شاعیر لە هۆنراوەکانیدا چەندین شێوازی پەروەردەیی گرتووەتە بەر تاوەکو منداڵانی کورد بە وشیاریی ئایینی، نەتەوەیی و زانستی گۆش بکات. هەروەها تیشکی خستووەتە سەر هێماکانی وەک: مێژوو، کلتوور، سروشت و پاڵەوانەکان؛ بۆ ئەوەی وێنەیەکی ئەرێنی لە ناخی منداڵدا بەرامبەر بە وڵاتەکەی دروست بکات و، لە تەمەنێکی بچووکەوە تۆوی خۆشەویستیی نیشتمان لە ناخیاندا بچێنێت.

**ڕاسپاردە و پێشنیارەکان:**

١. بایەخدانی زیاتر بە توێژینەوە ئەدەبییەکان لە بواری شیعری منداڵاندا، بە تایبەت لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانیان لەسەر بونیادنانی ناسنامەی نەتەوەیی.

٢. گونجاندن و تێکهەڵکێشکردنی شیعرەکانی زێوەر لە پرۆگرامی خوێندندا؛ بە مەبەستی پەرەپێدانی بەها نیشتمانی و پەروەردەییەکان لای قوتابیان.

٣. ڕێکخستنی وۆرکشۆپ و سیمیناری زانستی بۆ نووسەران و شاعیران، بە ئاراستەی هاندانی بەرهەمهێنانی ئەدەبێکی منداڵان کە بایەخ بە ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی بدات.

٤. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لە نێوان ئەزموونی شیعریی زێوەر و شاعیرانی تری ئەم بوارە؛ بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی قووڵتر لەو شێوازە جیاوازانەی ئاراستەی پەروەردەی منداڵ دەکرێن.

٥. بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی و بینراو (وەک سروود و بەرنامەی پەروەردەیی) کە لە شیعری منداڵانەوە وەرگیرابێت؛ تاوەکو بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش بەها نەتەوەییەکان لە ناخی نەوەی نوێدا بچێنرێن.

**لیستی سەرچاوەکان:**


١. بۆرەکەیی، سدیق سەفی زادە (٢٠٠٨). مێژووی وێژەی کورد، بڵاکراوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم.

٢. پاڵانی، کاروان عبد الرحمن علی (٢٠٢٥). ڕۆڵی ئایینی ئیسلام لە بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی کوردیدا: توێژینەوەیەکی پەسنیی شیکارییە، گۆڤاری سلێمانیی زاستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارەیەکی تایبەت بە کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی (شوناسی کورد لە نێوان ئاڵنگاری و مانەوەدا) ٢١ و ٢١ی نیسانی ٢٠٢٥.

٣. جەمال بابان، گەشتێ بە ناخی تەمەندا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم (٢٠٠٧).

٤. حەمەدەمین، ڕەمەزان (٢٠١٤). ڕێگا و شێوازە تیۆری و پراکتیکیەکانی وانەوتنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، چاپی یەکەم.

٥. حیلمی، ڕەفیق (٢٠١). شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم.

٦. زێوەر، مەلا عەبدوڵا موحەممەد ئەفەندی مەلا ڕەسولی پشدەری، (٢٠٢١). دیوانی شیعر، کۆکردنەوەی: مەحموود زێوەر، انتشارات کوردستان، سنە، چاپی یەکەم.

٧. سەجادی، عەلائەدین (٢٠١٧). مێژووی ئەدەبی کوردی، انتشارات کردستان، سنە، چاپی دووەم.

٨. عبد الکریم، شاگوڵ عثمان (٢٠٢٢). کاریگەریی شیعری منداڵان لە پرۆسەی فێربوووندا– قۆناغی بنەڕەتی بە نموونە–، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی.

٩. فەرهادی، حەمە ساڵح (٢٠١٣). پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد، چاپخانەی هاشم، هەولێر، چاپی یەکەم.

١٠. قەرەنی، ئەحمەد (٢٠٠٨). شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا، نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم.

١١. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم (٢٠١٠).


**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١٢. الجبور، عارف محمد مفلح (٢٠٢١). التربية الوطنية، مفهومها، وأهميتها، وأهدافها، وطرق تدريسها، المجلة العربية للعلوم الإنسانية والاجتماعية، العدد الخامس، شباط ٢٠٢١.
١٣. جلال، محمد فؤاد (٢٠٢١). التربية القومية طريق إلى إصلاح التعليم، وكالة الصحافة المصرية (ناشرون)، الجيزة–مصر، ط١.
١٤. الشطي، سليمان: محمد يوسف، يونس علي عبد المجيد (٢٠١٤). أساليب التحفيز والتشجيع في ضوء السنة النبوية الشريفة، حولية كلية الدعوة الإسلامية بالقاهرة، العدد: ٢٧.
١٥. الشنطي، عصام محمد (١٩٧٩). الجمالية والواقعية في نقدنا الأدبي الحديث، ط١، المؤسسة العربية، بيروت.
١٦. على أحمد مدكور: مناهج التربية أسسها وتطبيقاتها، دار الفكر العربي، القاهرة، ط١، ٢٠٠١م.
١٧. الفيومي، أحمد (٢٠٠٢). المصباح المنير, دار الفكر، بيروت، ط٢.
١٨. مراس، عبد الرازق شاكر ( ٢٠١٩م). القيم التربوية في ثقافة التعايش مع الآخر لدى طلاب كلية التربية جامعة حلوان نموذجاً، مجلة مستقبل التربية العربية, العدد: ١٢١, مجلد: ٢٦, سبتيمبر.

List of sources:
1. Borakey, Sadiq Safizadeh (2008). History of Kurdish Literature, Aras Publishing House, Erbil, 1st Edition.
2. Palani, Karwan Abdulrahman Ali (2025). The Role of Islam in Strengthening Kurdish National Identity: An Analytical Study, Sulaimani Journal of Humanities, Special Issue of the International Scientific Conference (Kurdish Identity Between Challenge and Survival) April 21 and 21 2025.
3. Jamal Baban, Geshte Ba Nakhi Tamenda, Sardam Publishing House, First Edition (2007).
4. Hamademin, Ramazan (2014). Theoretical and Practical Methods of Teaching, Rojhelat Printing House, Erbil, 1st Edition.
5. Hilmi, Rafiq (201). Kurdish Poetry and Literature, Aras Publishing House, Erbil, 2nd Edition.
6. Zewar, Mullah Abdullah Mohammed Effendi Mullah Rasuli Pishdari, (2021). Diwani Shir, compiled by: Mahmoud Zewar, Kurdistan Publishing House, Sanaa, first edition.
7. Sajadi, Alaeddin (2017). History of Kurdish Literature, Kurdistan Publishing House, Sanaa, 2nd Edition.

8. Abdul Karim, Shagul Osman (2022). The Effect of Children's Poetry in the Learning Process - Primary Stage for Example -, Master's Thesis, Department of Kurdish Language, College of Primary Education, Sulaimani University.
9. Farhadi, Hama Salih (2013). Position of Children's Poetry among Kurdish Poets, Hashim Printing House, Erbil, 1st Edition.
10. Qarani, Ahmed (2008). Poetry of Teaching in Kurdish Literature, First Half of the Twentieth Century, Aras Publishing House, Erbil, First Edition.
11. Marf Khaznadar, History of Kurdish Literature, Aras Publishing House, Second Edition (2010).
Arabic sources:
12. Al-Jabour, Arif Mohammed Muflah (2021). National Education, its Concepts, Importance, Goals, and Teaching Methods, Arab Journal of Humanities and Social Sciences, Fifth Issue, February
13. Jalal, Mohammed Fouad (2021). National Education Path to Education Reform, Egyptian Press Agency (Nashrun), Giza-Egypt, vol.
14. Al-Shati, Sulaiman: Mohammed Yousef, Younis Ali Abdul Majid (2014). 27. Sources of Preservation and Encouragement in the Light of the Holy Prophetic Sunnah, Cairo-based Islamic Da'wah Branch, No.
15. Al-Shanti, Essam Muhammad (1979). Beauty and Reality in Hadith Literary Criticism, Vol. 1, Arab Foundation, Beirut.
16. Ali Ahmad Madkour: Educational curriculum, its foundations and applications, Dar al-Fakr al-Arabiya, Cairo, vol.
17. Al-Fayumi, Ahmed (2002). Al-Misbah al-Munir, Dar al-Fakr, Beirut, Vol.
18. Maras, Abdul Raziq Shakir (2019m). Educational Quality in the Culture of Interaction with the Last by Students, Faculty of Education, Halwan Namozja University, Arab Education Future Magazine, Issue: 121, Volume: 26, September.